چاوپێکەوتنەکانیدا ئاماژەی بەوە داوە کە سێ کەس لە گۆرانی کوردیدا هەن بەردەوام گوێیان لێدەگرم، ئەوانیش؛ (کێمنەیی‌و زیرەك‌و مامڵێ)ن.
ئەو نموونەی یادەوەرییەکانی گێڕایەوە "خەریکی گۆرانیوتن بووم، شیعرەکەی هی مەولەوی بوو، (بەدەنگ‌و ئاوازەوە) کە دەڵێت:

تا ئەلفی باڵات وێنەی نون نەکەم
تا مۆخ‌و عازام غەرقی هون نەکەم
تا شکست نەدەم وەشای جوانیم
عالەم پڕنەبێ گشت جە بەدنامیم
تاخاکی ئەلحەد تەختەپۆش نەکەم
شەرتەن مەیلەکەت فەرامۆش نەکەم

کێمنەیی دەڵێت کە ئەو گۆرانییەم تەواوکرد، مامەحەمە کە پیاوێکی ماقوڵی بێوێنەی گوندی گوڵپ‌و هەورامان بوو، وەك هەموو جارێك دەستیکردە گریان‌و وتی عەبدولحەلیم حافز کێیە؟ با بێت وشەیەکی وەك ئەوەم بۆ بڵێت، زۆرجار بەو جۆرە گۆرانیم وتووە تەواوی مەجلیسەکە گریاون‌و بێدەنگ بوون.

**مەولەوی‌و بێسارانی‌و پاوەیی سێ میوانی بەردەوام**

لەبارەی وشەکانییەوە وتی زۆربەیان هی شاعیرە گەورەکانی وەك مەولەوی‌و بێسارانی‌و سەیدی‌و میرزا شەفیعی پاوەیی‌و یوسف کلاشین، هەندێکی تریشیان هی خۆمن، بەڵام برادەرێکی عەزیزم هەبوو کە لە گوندی هانەگەرمڵە دادەنیشت، ناوی حەمەخانی هانەگەرمڵەیی بوو، لەبەرئەوەی کە من خوێنەواریم نەبوو شیعرەکانی بە کاسێت بۆ دەناردم‌و منیش گوێم لێدەگرتن‌و دواتر ئاوازم بۆ دادەنان. لەبارەی خوێندنیشەوە وتی: "ئێمە ئەفراسیاو بەگمان هەبوو کە نەیدەهێشت مامۆستا بێتە گوندەکەمانەوە، ئیتر نەمانتوانی بخوێنین".
کێمنەیی هەرگیز وەفای شێخەکانی بیرنەدەچووەوە، دەیوت گەر شێخەکان نەبوونایە ئەوا ئێمە ئێستا موسڵمان نەدەبووین، رەنگە زەردەشتی یان کاکەیی بووینایە، ئەو بە سروشتی خۆی، وەك دەیوت زۆر حەزی بەو شیعرانەیە کە بەسەر پێغەمبەردا (د.خ) وتراون، بەتایبەت ئەوانەی مەولەوی، لەم کاتەدا کەمێك بێدەنگ بوو، بە هەناسەیەکی قووڵەوە ئەو دێڕە شیعرەی کردە گۆرانی کە مەولەوی بەسەر پێغەمبەرو ئەبوبەکردا وتویەتی:

سای کەمەر وەشەن ئەرمارش نەبۆ
دۆسی خاست بۆ بەدکارش نەبۆ

**کارەساتێکی نادیار دەنگی لێدەسەنێتەوە**

کێمنەیی بەهۆی کارەساتێکەوە وایلێدێت کە ئیتر گۆرانی نەچڕێت‌و ئەویش حەز لە دەنگی جارانی خۆی بکاتەوە، ساڵی 1988 لە کارەساتی هەڵەبجە، ماڵی کێمنەیی وەك هەمووان بەرەو ئێران بەڕێدەکەون، لەوێ دەچنە یەکێك لە شارۆچکەکان، تا ئەو کاتەش دەنگی هەر زوڵاڵە‌و چریکەی دێت، رۆژانە خۆی‌و دەنگی چەندین رۆحی کەنەفتی هەڵهاتووی کوردی رۆژهەڵات‌و باشوور ئاودەدات، بە هەناسەیەکی ئەسەف‌و حەسرەتەوە کەمێك وەستا لە قسەکردن‌و دواتر درێژەی پێدایەوەو ئاماژەی بەوە کرد کە ئێوارەیەك دەچێتە دەرەوەو بەستەنییەکی ئێرانی لە ماڵێکی ناسراودا دەخوات، لەدوای ئەوە ئیتر ئەو دەنگەی عوسمان کێمنەیی بۆ جارێکی تر کەس نەیبیستەوە، تەنانەت خودی کێمنەییش، مەگەر تازە ئەویش وەك هەر گوێگرێکی بچێت‌و کاسێتێك بکڕێت‌و گوێ بگرێتەوە لە دەنگی پیاوێك کە جاران دەنگی خۆشبوو بەناوی عوسمان کێمنەیی.
لەبارەی ئەوەی چۆن هەستیکرد کە ئیتر ناتوانێت گۆرانییەکانی جاران بڵێتەوە، وتی: "دوای ئەو بەستەنییە، هەستمکرد دەنگم گرێیەکی ناسازی تیایەو ئیتر ناتوانم گۆرانی بڵێم، ماوەیەك وامزانی چاکدەبمەوە، بەڵام دوایی دڵنیابووم ئیتر ناتوانم من عوسمان کێمنەیی جاران بم‌و گۆرانییەکانی جاران بڵێمەوە، لەدوای ئەو حاڵەتەوە ئیتر بەناچاری لەژێر چەتری خەمدا ئەوەم قبوڵکردو رازیبووم بەو قەدەرە".
ئیتر کەمێکی تر لە قسەکردن راوەستاو بە حەسرەتێکەوە ئەو گۆرانییەی بە چاوێکی فرمێسکاوییەوە لە حەسرەتی دەنگەکەی جارانی وت:

هەی داد هەی بێداد گرانەن دەردم
سەیری باڵاکەت تەمام نەکەردم

سەبارەت بەوەی کە کێ تۆمەتباردەکات لەو نەخۆشییەدا، کێمنەیی نەیویست ناوی کەس بەرێت‌و وتی: "کێ دەڵێت خەتای ئەوەش بووە، هەرچی بێت تازە ئیتر من قوڕگ‌و دەنگی جارانم لەکیس چوو"، منداڵەکانی کێمنەیی دەیانوت "ئەو حاڵەتەمان باوەڕنەدەکرد، ئاخر باوکمان هەموو کات گۆرانی بۆ دەوتین‌و گۆرانییەکانی غەریب نەبوون بە ماڵەکە، هەموو رۆژێك دەنگەکە لە گوێ‌و دەروونماندا دەزرنگایەوە، باوەڕمانکرد ئەوە نەخۆشییەك بێت وەك جاران‌و دوایی چاکبێتەوە، بەڵام دوای ماوەیەك ئیتر هەستمان بە بۆشاییەك کرد لە ماڵەکەدا کە ئەویش دەنگی باوکمان بوو، باوەڕمان نەدەکرد، زۆر خەفەتی بۆ دەخۆین کە ئەو دەنگەمان لێسەنرایەوە"، بەڵام نەوەکانی دڵخۆش بوون بەوەی هەندێك گۆرانی لە کەناڵەکاندا پەخشدەکرێن‌و هەندێکیش لە گۆرانییەکانی کێمنەیی ئێستە لە ئێران موزیکی خراوەتەسەر، هەرچەندە ئەوە هەوڵێکی زۆر کەمە بۆ ئەوەی ئەو گەوهەرە هونەرییە لە فەوتان بپارێزێت.

**دڵسۆز دەبێتە میراتگری هونەری باوکی**

بەڵام کێمنەیی دڵخۆشە بە نەوەکانی، خۆشبەختی خۆی نیشاندا سەبارەت بەوەی منداڵەکانی چاکەخوازن‌و خەڵك لێیان رازییە، ئەو وتی: "من هەرئەوەم دەوێت" ، لەبارەی ئەوەی کە گەر ئەوان میراتگری نەسەب‌و بنەچەی کێمنەیی بن، ئەی کامیان میراتە هونەرییەکەی باوکیانی بردووە، کێمنەیی وتی: "دڵخۆشم کە دڵسۆز جێگەی خۆی کردۆتەوەو دەکاتەوە لە هونەری رەسەندا، گەشبینم کە میراتگرێکی راستی گۆرانییەکانی منە".
دڵسۆز کوڕی بچوکی مامۆستا عوسمان کێمنەییەو چەندین بەرهەمی هەیەو بەشداریی چەند فیستیڤاڵێکی کردووەو ئەندامی تیپی موزیکی شنروێیەو چ وەك گۆرانی چ وەك موزیکژەنێك سەنتورەکەی کەمترنییە لە باڵای گۆرانییەکانی.
لە دوایین کاریدا دڵسۆز لەگەڵ ئەنیستیتۆی کەلەپووری کورددایە کە سەرگەرمی بەرهەمێکی گۆرانییەو زۆرینەی گۆرانییەکانی فۆلکلۆرن، لە ماوەیەکی نزیکدا بڵاودەبێتەوەو کارە هونەرییەکەی تەواوبووە، ئەو شانازی بەوە دەکرد کە کوڕی کێمنەییەو وتی: "مامۆستا مەزهەری خالقی لە ئەنیستیتۆی کورد لەبەر خاتری باوکم‌و نەفەوتانی رەسەنایەتی دەنگەکەی منی بانگکردە ئەنیستیتۆ، چونکە بە دەنگی باوکم زۆر ئاشنایە"
هەرلەبەر ئەو شانازییەش، دڵسۆز وتی: "گۆرانییەکی کۆنی باوکم هەیە لە ساڵی 1963دا وتوویەتی، لەم ماوەیەدا خەریکی ئەو کارە دەبم‌و نیوەی باوکم دەیڵێت‌و نیوەکەی تریش من دەیڵێمەوەو کلیپیشی بۆ دەکرێت".